Gontenburg Committee of komala party – Iranian kurdistan

2007-01-19

رۆژی شەمە 2006/12/30 لە شاری یوتوبوری وڵاتی سوئید لە سەر داوای کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان _ ئیران، کۆبۆنەوەیەک لە گەڵ کۆمیتەی کۆمەڵە لە شاری یوتوبوری پێک هات . سەرەتا بەڕێزانی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان _ ئیران و کۆمیتەی کۆمەله لە شاری یوتوبوری خۆیان بە یەکتری ناساند و لە سەر زەرورەتی پێوەندیی نێوانیان و بەردوام بوونی دۆستایەتی و نێزیکایەتی، قسە و باس کرا. وەفدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان _ ئیران لەم دانیشتنەدا، سەرەڕای بە داخەوەبوونیان لە مەڕ جیابۆنەوەی نێوان باڵەکانی حیزبی دێمۆکرات، لەسەر هۆیەکانی ئەم جیابونەوەیە دوان. وەفدی کۆمەڵە ویڕای سپاس و پێزانین، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریی هەرچی زیاترو پتەوتر لە چوار چیوەی سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە بۆاری جۆراوجۆردا راگەیاند.کۆبونەوەکە لە کەش وهەوایەکی دوستانەدا و بە جەخت خەستە سەر پێوەندی و هاوکاریی پتەوتر و دووپات کردنەوەی دانیشتنی لەو چەشنە لە داهاتووشدا، کۆتایی پێ هات.

بە سپاسەوە .

کۆمیتەی کۆمەڵە لە شآری یوتۆبۆری .. کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران

Tel: 0704905812 .. adress : Box : 101 post nr 424 23 Angered Göteborg
Post giro: 384 045 -1 .. mail: komala.gbg@gmail.com

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com